عێراق ومیسر هەوڵەکانی ئاشتی بۆ چەسپاندنی ئاسایش و سەقامگیری لە ناوچەکە تاوتوێ دەکەن

سەرۆک کۆمار لەگەڵ سەرۆک وەزیرانی میسر هەوڵەکانی ئاشتی بۆ چەسپاندنی ئاسایش و سەقامگیری لە ناوچەکە تاوتوێکرد

سەرۆکایەتی کۆمار لەڕاگەیەندراوێکدا کە دەستی موتەڵع کەوتووە بڵاویکردەوە لە پەراوێزی بەشداریکردنی لە چوارەمین کۆنفرانسی نەودەوڵەتی دارایی بۆ گەشەپێدان کە لە شاری سیڤیلیای ئیسپانیا بەڕێوەچوو، ئەمڕۆ دووشەممە 6-30- 2025، سەرۆک کۆمار د. لەتیف جەمال ڕەشید لەگەڵ مستەفا مەدبولی سەرۆک وەزیری میسر کۆبووەوە.

لە میانەی دیدارەکەدا سەرۆک کۆمار پاڵپشتی عێراقی بۆ هەوڵەکانی ئاشتی و چەسپاندنی ئاسایش و سەقامگیری لە ناوچەکە دوپاتکردەوە و هەروەها پێشێلکاریی ئاشکرا و بەردەوامی ئیسرایل بۆ ئامانجی ناسەقامگیرکردنی ناوچەکە لەسەر ئاستی ئەمنی، سیاسی و ئابووری ڕەتکردەوە.

سەرۆک کۆمار جەختیکردەوە لە پەیوەستی کارکردن بۆ کۆتایی هێنان بە شەڕ و ڕێگە خۆشکردن بۆ گەیاندنی هاریکاری مرۆیی بە گەلی فەلەستین.

سەرۆک کۆمار ئاماژەیکرد بە گرنگی کارکردن بۆ پەرەپێدانی هاریکاری و هەماهەنگی لە بوارە جیاجیاکان بە بەدیهێنانی بەرژەوەندی هاوبەش، و یەکخستنی دیدگا و هەڵوێستەکان لەسەر مەسەلە چارەنووسسازەکان

کە جەنگەی نیگەرانی گەلانی ناوچەکەیە.

لای خۆیەوە مستەفا مەدبولی سەرۆک وەزیری میسر لەگەڵ بۆچوون و هەڵوێستەکانی سەرۆک کۆمار هاوڕا بو سەبارەت بەو مەسەلانەی کە جێی نیگەرانی هاوبەشن و پشتیوانی بەردەوامی میسری بۆ هەوڵەکانی عێراق بۆ چەسپاندنی بنەماکانی ئاشتی و سەقامگیری لەسەر ئاستی ئیقلیمی و نێودەوڵەتی دووپاتکردەوە.